# یۆتۆبیایەك لە سەراب

ئەنوەری ڕەشی عەولا

قەتارچیەکان
بۆ سەربازی ونی بیابان
پەیکەریان لە ئەبەنووسی سەراب دائەتاشی و
تاجە گوڵینەیەك لە غوباریان دەنایە بەر پێی

گەر ئیرۆسی بین
لە دەستمان دێت ، لە سایەی سیحری سەرابدا
چێژ لە باڵەفڕکێی باڵندە زەردباوەکانی لم و
لە خە تخەتێنی ئێوارانی
تە پۆڵکە گۆنا سوور هەڵگەڕاو و
سنگ پڕەکانیش بکەین

ئەی بیابان : ستران
بۆ سەرگەشتەیی عیشقی دێرینەت مەبێژە
گەرمەسێر و هەتاو
خزم و خوێشە سمێڵ بابڕەکانی خۆر
بووکی سەرابیان ، پێشکەشی تۆ کردووە

ئەی زێوانەکانی دۆزەخ...لێگەڕێن
لە گوڵە کریستاڵیەکانی سەراب
کە تەنێ لە گوڵستانی سەحرادا سیس نابن

سەراب : ئەی نیشتمانی شاعیران

چیه ئەم سوێی غوربەتە
کەوا یەسوعی شیعریشمانی کردووە بە سووتماك
بە خاچی بیابانتەوە ؟!

گەر دەخوازی بە سوورەتەکانی سەراب ئاشنابی
غروری دڵت بدە دەست حاڵەتە غەیبیانیەکانی
غوربەتی و
گیانت بکە بە کاهینی
پەرستگا پڕ نوورەکانی بیابان !

لە پۆرترێتەکانی وجود ئەفسوناویتر
ئەو تابلۆ سەرابی و ئاوییانەن
کە خۆرنشین
تەنێ بۆ پێشانگا ناوێزەکانی
بیابان نەخشاندونی

تێشووی سەفەرە بێ وێستگەکانی زەمان
لە کولێرەی ئاڵی ئەو سەرابانەن
کە لە تەنووری بیاباندا برژاون

سەراب ... سەراب ... سەراب

چەپکێ سەرابی بۆندارم
لە سەیوانەکانی سەحرادا بۆ بچنەوە
گوڵدانی خۆرت دەکەمە دیاری

ئەسپەشێی سەرابی

تەنێ بە سوارچاکی سەرابی و
لە کاروانسەرای سەرابیدا ڕام دەکرێ
( بەند و باوێکی بیابان )

کە ئەم وجودە تەلیسمێکی تری سەحرا بێ
لە هەر هەسارەیەکدا بم ، هەر سەرابم
( سروودێکی تاناتۆسی )
سەراب ... سەراب ...سەراب

سەحرا سازە
سەراب ژێکانێتی
غەریبستانیش دەیژەنێ
بۆ خوداکەی غەریبان

قەسیدە سەحەرییەکانی سەحرا
ئەوەتان لە سەفەرنامە گومناوەکانی سەرابدا

ڕێنووسەکانی سەراب .. ئەو پەیامانەن
بەس لە پەڕاوی بیاباندا دەخوێنرێنەوە و
پڕ مانان
سەراب ... سەراب ... سەراب

کە لاوبووم قژم ڕەش
وەك سێبەرە سەرخۆشەکانی کێوسان
ئەمێستاکە پیرم...قژم سپی سپی وەك سەرابی بیابان

سەراب یۆتۆبیایەکە...تێیناگەم

**سەراب ئیمپراتۆرێتێکە...تێمناگا**

**لە مەیخانەکانی سەرابدا بادە نۆش دەکا**
**براکەم !**
**لە سەیرانگاکانی سەرابدا دیلانێی دەکرد**
**خوشکەکەم !**
**لە گۆمی مەنگی سەرابدا خنکا**
**دایکم !**
**لە گۆڕستانی سەرابدا دەینێژن**
**باوکم !**
**لە سەرابدا شیعری قەشەنگتری دەهۆنیەوە**
**هاوڕێ موسافیرەکەم !**
**سەراب ... سەراب ... سەراب**

**لە خانە خەرابی سەرابدا دەڵێم : بژی سەراب**
**لە سەردابی کیسراکانی سەرابدا دەڵێم : نغرۆبێ سەراب**

**سەراب..گەر چاوی خۆری لەسەر بێ کۆیلەیە**
**سەراب..گەر چاوی شەوی لێ دیاربێ ئازادە**

**سەراب..لە کۆیلەتیدا دەژێ**
**سەراب..لە ئازادیدا دەمرێ**

**خۆشەویستەکەم هەمیشە دەیگوت :**
**گەرچی ئێمە دوو پەڵە سەرابی سرکین**
**لە سەحراکانی خوادا**
**کەچی وەك ڕۆحی ڕۆحمان هەر بەیەك دەچین**

دەتوانی لە شەریعەتەکانی سەراب یاخی ببی
بەو مەرجەی بیابانەکانی
خەم و حەسرەت سەر نەکەن بە ماڵی ڕۆحتا !

بیابان لە حەژمەت تەمتومانی تەنیایی
لە پەسا..چاوەکانی پڕ دەبن لە سەراب

سەراب شازادەیەکە
لە کەژاوەی ئاڵتونینی بیاباندا
حەوت کێوی مەزن ببڕی و
حەوت جووت پێڵاوی بۆ بدڕی ، ئەوجا دەگەییە
کۆشکەکەیی و دەتوانی ڕایموسی

سەراب ئەو تیشکە دڵبریندار و
تێکشکاوانە بوون
فیردۆسی ساردوسڕی ئاسمانیان جێهێشت و
نزا نەزیهەکانی بیابانیان
کردە نیشتمان
ئەو نیشتمانەی بە خەندە تەڕ و نمناکەکانی
پشکۆی گریانی گریانیان مەحف دەکاتەوە و
گوڵشەنی وشکەڵاتووی ڕۆحیشیان
بە پێڕەنگی شادمانی..شین و شیرین دەکات

خۆر هەنگێکە شەرابی..ئەو دەمەی
کە هەڵاڵەی سەراب دەبات
بۆ گوڵە زەردەکانی بیابان
ئەوجا دەڵێت : (( منیش هەم ))

سەراب بەرماڵی خۆرە
بیابان کەعبە

سەحرا نسێ یە
سەرابیش وێستگەی شەستە بارانە
مەست دەبم بە شیعری ئەم ساباتە
کە کوختی دەست تێکەڵبوون و
سەماگای تەڕی گشت وەرزەکانە

سەراب تابووتی :
سووتانی بێوادەی ، فرمێسك و
کۆستی بێوادەی ، هەناسە و
هەنسکی بێوادەی ، هەست و نەستی
قەڵەندەرە بێ پرسە و ناسنامەکانە
تەنێ لە کۆشی گەرمی سەحراشدا وچانێك دەگرن
هەرەسی ئەو جەستە سارد و سڕ و ماندوانە

سەراب : سێبەرە سپییەکەی سەحرایە و
لە سەفەر و سەما و نوستنیشدا هەر تەڕە

گەر ڕامانمان کوێر نەبووبێتەوە
دەتوانین لە پەنجەرەکانی سەرابەوە
برینە بێ هەتوانەکانی بیابان ببینین !
برینی تەنیایی
برینی چاوەڕوانی
برینی نامۆیی
برینی نەفرەت

ئاخ..بۆ پەنجەی بلوورینی شیعرێ ، بە میهرەوە
برینی هەموو برینەکان ڕابژەنێ

مانگ پرتەقاڵێکە..سەراب توێکڵەکەیەتی
بیابانی تەڕپیریش
بۆنی پێستی بلووری و شەهوەتی بن باڵیان دەکات

سەراب مناڵە ئاوارەبووەکانی بیابانن
لە پشت تەپۆڵکە لماوییەکانەوە
چاوشارکێ لەگەڵ قەدەری یەکدی دەکەن

سەحرا حەسارە سەرمەدییەکەی باوکمە و
ئێمەی سەرابیش فرزەندین

سەراب نوتفەی خۆرە لە ڕەحمی بیاباندا
ئەو زارۆکەیەی گیانی هەیە و لەشی نیە ،،منم،،
ئەوەتا منیش :
لەم بیابانە وشك و برینگەی غوربەتیدا
تەنێ تاڤگە بە خوڕەکانی سەراب شك دەبەم
کە بڕژێنە ناو قوڵایی گەلیەکانی ڕۆحمەوە

من سەرابێکم خامۆش..دەرکراو لە یزدانی
خۆر
بێفایدەیە گەڕانەوە بۆ باوەشی پڕ میهری دایکم
بێهودانە ماخۆلیامە و
دەترسێم..شاعیرانە لە ناو مەنفای پەیڤەکانی
بیاباندا نەمرم

**سەراب ... سەراب ... سەراب**

**هەتا مردن..سەفەر بۆ مەنزڵی سەحرا و**
**سەما بۆ فیستڤاڵەکانی سەراب !!**